# خودایە هەتا کەی لەبەردەم پێلەقەدابیت و بتکوژن؟؟
# ئیلاهی هەتاکەی ملی بێتاوانی خۆشەویستی ببڕێتەوە؟؟
# ڕۆحکێشانی هەربوونەوەرێک لەم سەرزەمینەدا تەنها و تەنها کاری خودایە نەک مرۆڤ!



ئەم وێنەیە لە سایتی کوردستاننێت وەرگیراوە، لە کاتێکدا خانمی ناوبراو بەردباران دەکەن و دڕندانە کەوتوونەتە سەری..

سارا عومەر، دانیمارک
Xozga86@hotmail.com
2007 / 4 / 25

کارەساتێکی دڵتەزێن و نامەردانە لە ڕێکەوتی 2007/4/7 لە شارەدێی بەعشیقە و ڕۆحکێشانی خودای عەشق و بەردباران کردنی هەستی زێڕینی ئەوینی لاوە کیژێکی بێتاوان.

بەر لە هەموو شتێک خۆشەویستی تەنها لای کەسانی دواکەوتوو، وە ئەو کەسانەی، کە بەزەبری فیشەک و خەنجەری دەستی پۆخڵیان شانازی ئەکەن نارەوایە و هەڵەیە. مرۆڤ هیچ کاتێک ناتوانێت بەبێ خۆشەویستی بژی، ئەگەر خۆشەویستیش نەبێت ئەوا ئەنجامەکەی ئەوەیە، کە ئەیبینین و هێندەی نەماوە سەری زۆربەی پەرییەکان لە خاچ بدەن!!

بۆ هەموو دایکان و باوکانێکی جگەرسۆزە:

تکایە لەوە تێبگەن کە هەر خۆتانن بەرپێگاگرتن لە منداڵەکانتان لە زۆربەی شت وایان لێدەکەن، کە تووشی هەڵە بن، وایان لێدەکەن کە نهێنییان هەبێت، وایان لێدەکەن، کە هەستی تێگەیشتنی ئێوەیان لا دروست نەبێت و لە ئاکامدا تووشی کارەساتی دڵتەزێن و چاوەڕوان نەکراو دەبن. خۆشەویستی هەڵەنییە، ئەوە بەهرەیەکی خودایە، بۆیە تکایە مەیسوتێنن و پشت و پەنانی ڕۆڵەکانتان بن لە کاتی دۆزینەوەی ژیانیاندا. لە خۆشتان بپرسن، کە ئایا هەتا ئێستا چەند کەس لەو کەسانەی، کە بە زۆر ژیانی هاوسەرێتیان پێدرووست کراوە بناغەکەی نەڕووخاوە و تێکنەشکاوە؟! تکایە هەرگیز لەوە پەشیمان مەبن، کە ئاخافتن و گفتوگۆکردن کلیلی چارەسەرکردنی هەموو کێشەیەکە.

زۆر جار ئێمەی نەتەوەی کورد خۆمان بەدەستی خۆمان، بە کردارە ناڕەواکانی خۆمان بە یەکتر تیرۆرکردن و یەکتر زەلیلکردنی خۆمان ناوی خۆمان ئەزڕێنین و خۆمان ئەکەین بە بنێشتە خۆشەی دەمی عالەم. بەڵام ئایا تیرۆرکردنی کچێکی بێدەسەڵات، هەلاهەلاکردنی جەستەیەکی لاواز و گوشین و دەرهێنانی دڵێکی مەست و پڕ ئەوینی کەنیشکەیەکی تازە خونچە، ئەتان گەیەنێتە قاپی ئەو خودایەی، کە بەناوییەوە هەزار و یەک ملیۆن کردار و ڕەفتاری ناشرین و پۆخڵ ئەنجام ئەدەن؟

ئەگەر کەسێک تێگەیشتوو بێت، ئەگەر نەتەوەیەک لەسەر بنەمای عەقل دواکەوتووی چەسپ نەبێت هەرگیز کارێکی لەو شێوازە ئەنجام نادات، من ڕووی ئەم وتارەم ئەکەمە سەرجەم خاوەن دەسەڵاتدارەکان و سەرجەم ئەوانەی، کە دەستیان ئەڕوات و لەسەر و هەمووشیانەوە دەزگای پاراستنی مافی مرۆڤ، لێرەشەوە ئەڵێم، کە من شەخسی خۆم بڕوام بە هیچ دەسەڵاتێک نییە، کە مافەکانی مرۆڤ پێشێلبکات، چونکە ئەمە نەتیجەی پرۆسەی بە دیمۆکراسی کردنی میللەتەکەمانە!! ئەگەر بتانەوێت دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بچەسپێنن و بەرقەرار بن لەسەری، ئەوا دەبێت بەر لە هەموو شتێک واز لە شکاندنی ئینجانەکان و هەڵوەراندنی خونچەگوڵە بۆنخۆشەکانی عەشق و ڕاستگۆیی بهێنن!

چەند کەس لە ئێمە ئەوە نازانێت، کە لە هەر شوێنێکدا ڕێکخراوەکان ئیشیان بۆ دیمۆکراسی ئەنجامدابێت، بەر لە هەموو شتێک، هەوڵی پاراستی مافی مرۆڤ دراوە ( چونکە ئەبێت بدرێت) بە هەردوو ڕەگەزەوە و هەوڵی زیاتر دراوە بۆ ئاوەدانی ماڵەکانی دڵ و گەشانەوەی گوڵەکانی خۆشەویستی، ئیتر بۆچی کوردیش واناکات، کەلەڕەقی هەتا ئێستا گەیاندوونی بەچی؟؟؟؟!!!

ئیتر با تیرۆرکردنی جەستە و ڕۆحێکی بێتاوان ببێتە دەستپێک و سەرەتای بەخۆدا پیاچوونەوەتان. چونکە ئەم تاقانەیەی، کە ئەو خەڵکە بێزەمیرە ملیان ملیان نیشتوونەتە سەری، تەنها ئیشی ئەمڕۆ و سبەیان نییەو بە دەهەزارەها نموونەی تری لەو جۆرەمان هەیە لەناو کۆمەڵگا دواکەوتووەکەماندا، کە بۆقسە پەکیان ناکەوێ و هیچیش لە ئاراداندا نییە، کە مەسەلە دێتە سەر ئەنجامدانی کرداری مرۆڤانە!!!!

ئاخر خۆ کفر نابێت و دەرگاکانی ئاسمان لێتان عاسی نابێت، کە ئەگەر بە ڕەفتارە بێتامەکانی خۆتاندا بچنەوە و لەخۆتان بپرسن، کە ئایا ئەمە دیمۆکراسی پێئەڵێن ؟؟؟ ئەمە مافی مرۆڤ پاراستنی پێئەڵێن؟ هەتا کەی مرۆڤ وەک ئاژەڵ سەیر بکرێت، هەتا کەی سەر و کەللەی ژن و کچ بە ئەرزەکاندا پان بکرێتەوە؟؟ هەتا کەی لەم کردارانە بێدەنگ ئەبن؟؟ کوا ئاسایش و کوا هێمن ڕاگرتنی ڕۆڵەکان، کوان ئەمانە!!! هەتا کەی ؟؟؟؟؟؟؟؟؟!!!!!!!

کچ

ژن

ئافرەت

خودایە، کچ پێناسەیەکە لە ئیلاهی، کچ پێناسەیەکە بۆ پاکی بۆ فەلەک... خودا لەمێژە خوازیارە سۆزی خۆیمان پێشان بدات، بەڵام ئێمە بێئەوەی هەستی پێبکەین هەردەم عەشقمان دیوە و لەبەرچاوماندا بەبێدەنگی هاتووچۆی کردووە، چونکە کچ لە دوای کچ ڕەمزێکی ئاسمانی بووە و بەردەوامیش (ئەو بەهەشتێک بووە لە بێدەسەڵاتی)، بەڵام کەس نایەوێت لێی تێبگات، هەردەم وەک چقڵی چاوان هاتۆتە پێشچاوی ئەو کەسانەی، کە تەنها بۆ مەسڵاحەتی هەژدیهاکەیان دەیانەوێت سودی لێوەربگرن و سودیان لێوەر گرتووە، بەڵام ئافرەت زۆر لەوە پیرۆزترە، کە بەو شێوازە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت!

کچ ئەو مەخلوقەیە کە تەنها و تەنها خۆشەویستی لێتان ئەوێت، ئەیەوێت کوچەیەک لە کوچەکانی دڵتانی بدەنێ، شوێنێک لە شوێنە تاریکەکانی بۆ ڕووناک بکەنەوە... ئەو بێزارە لە تەنیایی، بێزارە لە بێکەسی.. بێزارە لە دابوونەریتە دەستکردەکان... ئەمە مەتەڵێک نییە، کە هێندە سەخت و بێوەڵام بێت، ئیتر خودایە ئەم خەڵکە گەلحۆیە بۆ لەمە تێناگەن بۆ !!!؟؟؟

کچ
ژن
دیسان بێزارە، بێزارە لەوەی، کە بەنەزەرێکی ناشرین و بە دووچاوی ڕیپۆقاوی ترسناکەوە لیێ ئەڕوانن و پێی پێئەکەنن... ئەو بێزارە لەوەی، کە بە بەر دیدی عالەمێکەوە، وەک عەلاگەیەکی شڕ و پڕ بەر شەقی پۆستاڵە تورەکانتانی ئەدەن... کچ کەسی نییە ئێوە نەبێت، کچ بێکەسە... ئەوەی لە ئێوەی ئەوێت تەنها چۆڕێک هەلاَوی خۆشەویستی و سینەیەکە تیایدا بحەسێتەوە.. بۆ وای لێئەکەن بۆ؟؟

ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان کچ و ژن نەبووایە هەرگیز پیاویش نەدەبوو، چونکە وەک چۆن ئەزانین ماست سپییە، ئاوهاش ئەبێت درک بەوە بکەین، کە ئافرەت تەواوکەری پیاوە. بەڵام ئەو کەڵە ( نامەردانە)، ( لێرەدا ڕێگا بەخۆم ئەدەم، کە بڵێم کەڵەنامەرد، چونکە ئەگەر کەسێک مەرد بێت هیچ کاتێک زەمیری قبوڵناکات و ناتوانێت جەرگ و جەستە و ڕۆح و خوێنی خۆی زیندەبەچاڵ بکات، بۆیە هەتا سەر ئێسقان نامرۆڤن)، کە ئەو تاقە گوڵە بێتاوانە بەر گوشاری پێلەقە ئەدەن و هەر لە خێڵی ئاژەڵ ئەچن هاوار هاواریانە بەسەر سەری و بە چواردەوریدا!

ئەو نازدارە ووردیلەیە ئێستا تاوانی لە ملی هەموو ئەو کەسانەشە، کە وەستاون و لەباتی ئەوەی نەیەڵن بیکوژن بەو شێوازە، چوون تەسویریان کردووە و پیشانی خەڵکی ئەیەن، لەوان وایە ئەمە شانۆگەرییە!! بۆ ئەوەی خەڵکی بەزەیی بەم کچە دڵ پڕ لە سۆز و عاشقەیا بێتەوە، کە لە پێناوی دڵپاکی و هەستی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتیدا لە ئەرزەکەدا گەوزاندویانە.

لێرەدا شتێک هەیە، کە دەبێت هەموو بیزانین و باش بیخەینە پشتی گوێمان و بیگەیەنین بەو ناکەسبەچەو خۆ بە ئینسان زانانەی، کە ئەگەر کەلاوەکەی دەمیان بکەنەوە، ئەوا خۆیان بە مەخلوقی دنیا ناگۆڕنەوە ( مرۆڤ چ پیاو بێت یان ژن، هیچ کاتێک شایەنی بەزەیی نییە بەڵکو شایەنی ڕێزە)!
بەڵام لەکاتێکدا، کە مرۆڤ نەیتوانی ڕێزی خۆی بگرێت، نەیتوانی لە ناخی خانمەکەی تێبگات، ئەوە هێچکاتێک ئەقڵی ئەوەی پێناشکێت، کە لە نزیکترین و دوورترین کچ و ژنی دنیا تێبگات، چونکە ئەو جۆرە پاشەڵ پڕ لە قینانە جارێ فامی ئەوەیان نەکردۆتەوە، کە لە مانا و واتاکانی خۆشەویستی و جگەرسۆزی تێبگەن.

کوشتن و لەت و پەت کردنی ئەو کچە بچکۆلانەیە ڕۆح کێشانی کچ نەبوو، ئەوە کوشتی هەست بوو بە زیندووی... ئەوە زیندە بەچاڵ کردنی هەموو جۆرە خۆشەویستییەکی ئەفسوناوی بوو، کە دەستیان خستە بینەقاقایی و شمشاڵی ئاوازییان شکاند و هەلا هەلایان کرد.....

هەموو ئەو کەسانەی، کە ئەگەر لە کۆتایی چرپەو پاڵەپەستۆی هەناسەدان و فرێمێسکی بە خوڕ و دەنگی هاواری پەپوولەیەکی کۆرپەدا، کە لە پێناوی بناغەدانانی کەپری ئەڤین و دۆزینەوەی شازادەی تەمەنیدا گیانی لەدەست دا

هیچیان نەکرد، ئەوا تاوانبارن، چونکە یارمەتیدانی کەسێکی بێدەسەڵات، وەک ئەوە وایە بەهەشتی دنیا بۆخۆت دەستنیشان بکەیت!

ئەو کیژۆڵەیە، کیژۆڵە!!!! هەتا دڵە ڕەشەکانتان ئاو دەخواتەوە بیکوژن، بیبڕن، بیسوتێنن، بیخنکێنن، پارچە پارچەی بکەن هەر نامرێت، چونکە ئەو تەنها کچ نییە، بەڵکو ئەو هەڵگری جوانترین و پاکترین و سازگارترین و گەرمترین هەناسە و گڕ و تین و ڕەمزی خۆشەویستییە، خۆ دڵنیابن ئێستا ئەو تەنها جەستە نەشمیلانەکەی پارچەپارچە کراوە، بەڵام دوعاو رۆحە فریشتەئاساکەی بەبەردەوامی لە خێوەکانی ناوناخی ئەو جوانکوژانە ئاڵاوە و هەتا نزا و ئاهەکانی نەگات دەست هەڵناگرێت.. ئەو ئێستا بەڕێگایەکدا ئەڕوات هەرگیز ئەو کەسانەی، کە دەستیان بەخوێنی ئەو سوور بوو لەڕوویان نایەت سەیری بکەن!!

لەگەڵ هەموو ناڕەزاییەکی خۆم بۆ هەموو ئەو خەڵک و کەسانەی کە زل زل لە شوێنی جەریمە و کارەساتەکە ئامادە بوون و هێچیان غیرەتی مرۆڤێکیان نەبووە، کە لە ئامادەباشیدا بن و ئەو کۆتری خۆشەویستییە ڕزگار بکەن!

تێبینی:
تیرۆرکردنی ئەم خانمۆڵە بێتاوانە لە ماڵپەڕی کوردنستاننێت بڵاو کرابووەوە.
http://www.kurdistannet.org/
لە بابەتەکانی ڕێکەوتی 2007/4/24.